## وتارێکم ٢٥ ساڵ بەر لە ئێستا
## پەیوەندیدار بە پەکەکە و باکووری کوردستان،
## کە دەکرێ خوێندنەوەی بۆ دۆخی ئەمڕۆ بە سوود بێت

-----------------------------------

# شکست و سیاسەتی گۆڕینی شکست بە "سەرکەوتن"[1]

ئەم وتارە یەکەم جار لە ڕۆژنامەی *پەیام* ژمارە ٢١ (فیبروەری ٢٠٠٠ )دا بڵاوبۆتەوە و دواتریش لە کتێبی نووسەردا، *ئەوەی ئەوڕۆ سیاسەتە سبەی مێژووە*، (سلێمانی، ٢٠٠٢)، لاپەڕە ١٤٣-١٦٨، بڵاو بۆتەوە.

بورهان أ. یاسین
٢٠٢٥-٣-١٣

[1] بۆ نووسینی ئەم وتارە سوود لە کۆمەڵێک سەرچاوە وەرگیراوە.

## پێشەکی

ڕووداوەکانی پەیوەست بە باکووری کوردستان، بە تایبەتی پەیوەست بە پەکەکە، لە دوو ساڵی دواییدا (١٩٩٨-٢٠٠٠) گفتوگۆیەکی زۆر هەڵدەگرێ و دەکرێ لە گۆشەبینین و ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە تەماشا بکرێن. پەکەکە، لە گوتارە سیاسییەکەیدا، لەگەڵ ئەو شکستەی کە تووشی هاتووە، بە تایبەتی دەستگیرکردنی سەرۆکەکەی (عەبدوڵا ئۆجەلان)، کەوتۆتە هەوڵدان، لە ڕێگەی سیاسەتی پێشکەشکردنی سازش دوای سازش بۆ تورکیا، بۆ ئەوەی ئەو شکستەی کە تێیکەوتووە بگۆڕێ بە (سەرکەوتن). پەکەکە ئەم سیاسەتەی ناوناوە **ستراتیجی نوێ**، کە لە ڕاستیدا نە ستراتیجە و نە نوێشە.

لە لایەکی ترەوە، بۆچوونێکی بابەتییانە ناتوانێ ئەوە بشارێتەوە، کە ئەو ئاکامەی پەکەکە پێیگەیشتووە شکست و بنبەستە. بەم مانایەش گەلی کورد بە تایبەتی لە باکوور باجی شکستەکە دەدات؛ لەمەش زیاتر باجی هەوڵدانی پەکەکە بۆ گۆڕینی ئەم شکستە بە "سەرکەوتن" دەدات. بەم مانایە لە پرۆسەی گۆڕینی شکست بە سەرکەوتنێکی سیاسی کە تیایدا پەکەکە وەکو لایەنێکی خاوەن ڕەوایی نوینەرایەتی لە دایەلۆگدا لەگەڵ دەسەلاتدارانی تورکیادا بناسرێ و لەسەر بنچینەی باسکردن لە هەندێ ماف بۆ گەلی کورد لە باکووری کوردستان، باجێکی سیاسی ترسناک دەدات، بە بێ ئەوەی ئەم ئامانجانەشی بەدەست هێنابێ.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر ئەم هەولانەی دوایی پەکەکە، لە هینانەکایەی باسوخواس لەسەر مەسەلەی ئاشتی و دیموکراسی لە تورکیا وەکو بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی خەباتی زیاتر لە ٢٠ ساڵی ئەم حزبە و بە تایبەتی خەباتە چەکدارییەکەی لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم هەولانە و مەغزاشیان بۆ دوارۆژی جووڵانەوەی ئازادیخواز لە باکووری کوردستان.

خاڵێکی گشتی و سەرەکی ئەم وتارە ئەوەیە، کە بۆ تێگەیشتنێکی باشتری ڕووداوەکانی ئەمرۆی پەیوەست بە خەباتی پەکەکە هەڵسەنگاندنێک و تیروانینێکی جیددی پێویستە بۆ دوێنێی پەکەکە لە ڕووی سروشتی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستن و، بە تایبەتیش، ستراتیج و تەکتیکی جووڵانەوەکەوە.

-١-

ئاشکرایە دەرکردنی ئۆجەلان لە سوریا و دواتریش دەستگیرکردنی لە لایەن تورکیا و هاوکارانییەوە تا ئیستاش، هەرنەبێ لە لای پەکەکە، تەفسیرێکی یەکلایەنە و نوقستانی بۆ کراوە، بەو مانایەی کە دەرکردنی ئۆجەلان و دەستگیرکردنی بەردەوام، لە ڕاگەیاندنەکانی پەکەکەدا، تەنیا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ڕووداوەکانی پەیوەست بە دەرکردنی ئۆجەلان تا دەستگیرکردنی و بگرە هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلەی دوارۆژی ئەو، تەنیا لە گۆشەبینینی پیلانگێڕی (کۆمپلۆ)وە بووە. بە واتایەکی دیکە دەستپێک و بەردەوامی ڕووداوەکان "تەنها" بە پیلانی ئەمریکا و ئیسرائیل و... هتد لیک دەدرێتەوە.

من دەخوازم هەر زوو ئەوە بیژم کە پیلان (conspiracy) چەمکێکە کە لە زانستی سیاسەت و پەیوەندی سیاسی نیوان دەوڵەتاندا زۆر بەکار نایەت، بەڵکو چەمکێکی یاساییە و مێژووی بەکارهێنانیشی، لە بواری یاسادا، بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. بەڵام، بەرامبەر ئەمە، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆربەی زۆری جار هەڵسوکەوتی زلهێزێک، وڵاتێک، سەرکردەیەک، یان حزبێک تا دەکرێ دەخرێتە ناو چوارچێوەی پیلانەوە، ئەمەش دواجار

پێیدەوترێ تیوری پیلانگێڕی (conspiracy theory). ئەم حاڵەتە زۆر هۆی مێژوویی و کەلتوری و سیاسی هەن، کە لێرەدا دەرفەت نییە باسیان لێوە بکەین. لای دووەمی مەسەلەکەش ئەوەیە کە هەڵسەنگاندنی سیاسەت و هەڵسوکەوتی وڵاتێکی وەکو ئەمریکا، لەمەڕ کورد یان پەکەکە یان هەر مەسەلەیەکی تر، وەکو پیلانگێڕی بۆچوونێکی چەوتە. ئەمریکا ساڵانێکی زۆرە پەکەکە بە حزبێکی تیرۆریست لەقەڵەم داوە و دەستخۆشی و پشتگیری ئاشکرای لە تورکیا کردووە لە شەڕیدا لەگەڵ پەکەکە و لەم سیاسەتەشیدا پێویستی بە "پیلان" دارشتن نەبووە، بەڵکو ئەمە سیاسەتی هەموو دامەزراوە هەرە ناوەندی و گرنگەکانی ئەو وڵاتە بووە. جگە لەمە، ئەمریکا، بە تایبەت دوای تەواوبوونی جەنگی سارد، لە هەر جێگایەک و کاتێکدا بە ئاشکرا بە گژ هەر وڵاتێک، یان گروپێکدا چۆتەوە کە ویستبێتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە. لە لایەکی ترەوە، لە بینینێکی کوردستانییەوە دەکرێ دوور لە مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتن (بە مانای دژ، یان لەگەڵ سیاسەتی "پەکەکە") سیاسەتی ئەمریکا لە دژایەتیکردنی پەکەکەدا هەرنەبێ پیادەکردنی سیاسەتێکی دوو ڕوویانە بووە.

بەڵام دیسان دوو ڕوویی سیاسەتی زلهێزێک یان هەر دەوڵەتێک نەک هەر سروشتییە، بەڵکو ڕاستتر وایە بڵێین ناسروشتی ئەوەیە کە سیاسەتی دەوڵەتان دووڕوو نەبێ! باشتریش وایە ئەم (ڕاستییە) لە گۆشەبینینێکی مۆراڵی (ئەخلاقی)یەوە تەماشا نەکرێ، بەڵکو لە ماهیەت و سروشتی (سیاسەت) خۆیەوە هەڵبسەنگێنرێ. بە باوەڕی من لە بری ئەوەی پەکەکە مێشکی خەڵکی کورد پڕ بکات بە وشەی پیلان (کومپلۆ) و بەم شێوەیەش ڕیگە بگرێ لە هەر شێوە بۆچوونێکی تر، چاکتر وابوو کە لە ماوەی ساڵانێکی دووردودرێژ، بە تایبەتی لە کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠کانەوە:

١) باشتر لە سیاسەتی ئەمریکا بگات.

٢) بە پێی تێگەیشتنێکی ڕێکوپێکی ئەم سیاسەتە هەوڵی بدایە خۆی بگونجێنێ و لە بری ئەوەی خۆی لە ئاستی دروشم یا سیاسەتی عەمەلیدا بخاتە سەنگەری دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە، خۆی بگونجاندایە یان هەموو دڵنیاییەکی بدایە کە ئەم جووڵانەوەیە بە هیچ شێوەیەک دژی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی نییە.

لە ڕاستیدا ئەوەی کە کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە، لە سەرەتای ئابی ١٩٩٩دا، ڕایگەیاند کە بەڵێ پەکەکە ناخوازێ دژایەتی بکا لەگەڵ ئەو سیستەمە نوییە جیهانییەی کە لە ژێر سەرکردایەتی ئەمریکا فۆرم دەگرێ، کەچی لە لایەکی ترەوە دەمەتەقێ لەمەڕ سیستمی نوێی جیهانی و پرۆسەی هاتنەکایەی سیستمێکی نوێ هەرنەبێ ٨-٩ ساڵە بەردەوامە. بەڵام کە ئەم ڕاگەیاندنەی پەکەکە درەنگ دێ، ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕووداوی تازە نین، لە ڕووی هاتنەکایەی ئەم سیستمەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەو بار و دۆخەی پەکەکە تێیکەوتووە تازەیە. ئاشکرایە کە بە هەندێ هۆکاری ئایدیۆلۆژی، سیاسی–سایکۆلۆژی و هۆکاری پەیوەست بە جوگرافیای سیاسی خەباتی پەکەکەوە ڕێگربوونە، کە ئەم ڕاگەیاندنەی پەکەکە، زووتر، لە ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ دا نەیەت، بەڵکو ٨-٩ ساڵ دواتر بێت، کە ئەمەش لە جیهانی سیاسەتدا جیاوازییەکی زۆر دروست دەکات. بەڵێ لە جیهانی سیاسەتدا یەک دانە هەفتەش کاتێکی زۆرە، تەنانەت هەندێ جار چەند سەعاتێکیش کاتێکی زۆرە.

زۆر بە کورتی ڕوانین و تێگەیشتن لە سیاسەتی ئەمریکا و ژمارەیەک لە وڵاتانی تر لە چوارچێوەی چەمکی پیلان بێ نرخکردن و بە کەم بینینی سیاسەتی ئەم وڵاتانەیە و ئامادەکردنی عەقڵی مرۆڤی کوردە بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی سادە و بێ تێڕوانینێکی قووڵ و بە ئاسانی زۆربەی زۆری هەڵسوکەوتە سیاسییەکانی وڵاتانی تر لەمەڕ مەسەلەی کورد لە ناو بازنەی

پیلانگێڕیدا ببینێ و هیچی تر.

بە باوەڕی من ئەسڵی مەسەلەی شکستی پەکەکە و گەیشتنی خەباتی سیاسی و چەکداری ئەم حزبە بەم بنبەستەی کە پێیگەیشتووە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ لەناکاو پچڕانی ئەو بازنە سیاسی و ستراتیجییەی کە جوولانەوە چەکدارییەکەی پەکەکە تێیکەوتبوو، هەروەک چۆن جوولانەوە چەکدارییە کوردییەکانی تر تێیکەوتوون.

لە دەستپێکدا پێویستە بگوترێ کە پێکهاتەکانی ئەم بازنەیە **دوو دانە نیوە بازنەن**: نیوەیەکیان خەباتی جوولانەوە چەکدارییەکەیە لە بەرامبەر رژێمێکی داگیرکار، واتە "**خەباتە بۆ ئازادی و رزگاری**"، بەمەش جوولانەوەکە سیفەتی ئازادیخواز بە خۆی دەدات، بەڵام نیوەی دیکەی بازنەکە **هاوپەیمانی ستراتیجییە**، کە جوولانەوە خۆی پێی دەبێژێ ستراتیجی قۆناغ یاخود تاکتیک، کە دێتە کایەوە لە نێوان جووڵانەوە چەکدارییەکە و داگیرکارێک، یا چەند داگیرکارێکی دیکەی کوردستان. ئەمە رێک دایەلەکتیکی خەباتی چەکداری "جووڵانەوەی ئەیلولی" باشووری کوردستان (١٩٦١-١٩٧٥) بوو؛ ئەمەش دیسانەوە دایەلەکتیک و میکانیزمی هەرە گرنگی راپەرینی چەکداری پەکەکە بووە لە ناوەراستی هەشتاکانەوە. بۆچی دەڵێم دایەلەکتیک؟ چونکە دوو نیوە بازنەکە لە حاڵەتێکی دژایەتدان لەگەڵ یەکتردا (نیوەیەکیان جولانەوەیەکی ئازادیخواز، بەڵام نیوەکەی تریان وڵاتێکی داگیرکار)، بەلام لە هەمان کاتیشدا لە میکانیزمێکدا یەکتر تەواو دەکەن و پێویستن بۆ یەکتر: رۆحی دایەلەکتیکیش دژایەتی و ناتەبابوونە لە یەکبووندا! بە تایبەتی، پێویستیی ئەو رژێمە داگیرکارە هاوپەیمانە بە بەکارهێنانی کارتە کوردییەکە (جووڵانەوە چەکدارییەکە) بۆ گوشار خستنە سەر رژێمە داگیرکارەکەی تر. ئەم هاوپەیمانییە ستراتیجییە، **کە راستتر وایە بڵێین تەبەعیەت و وابەستەیی جووڵانەوە چەکدارییەکە بۆ رژێمێک، یان چەند رژێمێکی داگیرکاری کوردستان**، نەک هەر ناسروشتییە بەڵکو رێک ماهییەتی ئەو جووڵانەوە چەکدارییە لە جووڵانەوەیەکی ئازادیخواز و خەباتکار بۆ ئازادی دەگۆڕێ بۆ **جووڵانەوەیەکی نائازاد و وابەستە لە بوون و دید و بڕیاردا**. ئەم هاوپەیمانییە رێک چارەنووسی جووڵانەوە چەکدارییەکە **دەخاتە ناو دەستی رژێمە داگیرکارە هاوپەیمانەکەوە**. جگە لەمەش داگیرکار هەر لە سەرەتاوە خۆی ناخاتە ناو هاوپەیمانییەک ئەگەر ئەم جووڵانەوەیە هەر زوو، بە مەبەستی بەردەوامی هاوپەیمانە ستراتیجییەکە، ئامادە نەبێ دەستبەرداری دروشمی کوردستانی ئازاد و بەرژەوەندییەکانی جووڵانەوەی کورد نەبێ لەو پارچەیەی کوردستان کە ئەو رژێمە هاوپەیمانە داگیری کردووە.

ئاکامێکی تری گرنگی ئەم شێوە هاوپەیمانییە دیسان ئەوەیە کە تاکتیک (کە بە بۆچوونی جووڵانەوەکە هاوپەیمانییەکەیەتی لەگەڵ داگیرکاری تر) نەک هەر لە حاڵەتی هاوئاهەنگی (harmony)دا نییە لەگەڵ ستراتیجی جووڵانەوەکە **کە رزگاریی کوردە**، بەڵکو پەیوەندییەکە رێک لەسەر بنچینەی نەگونجان و دژایەتی بنیات دەنرێ. ئەوەی کە روو دەدات ئەوەیە کە لە پرۆسەی بەردەوامی هاوپەیمانییەکەدا ستراتیج دەبێ بە قوربانی تاکتیک و ئاکامەکەشی هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانییەکەیە و شکستی جووڵانەوەکەیە. هەڵبەتە گرنگە ئەوەش بڵێین کە ئەم شێوە هاوپەیمانییەی نێوان جووڵانەوەی چەکداری کوردی و رژێمیک یان چەند رژێمێکی داگیرکار هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرجەستەبوونی حاڵەتی دابەشبوونی کورد و دۆزەکەی و نیشتمانەکەی، کورد لە ئاکامدا لە رووی سایکۆلۆژی و سیاسییەوە نەک هەر قبووڵی ئەم حاڵەتی دابەشبوونە لە ناو کەسایەتی خۆی و کەسایەتی نەتەوەییدا دەکات، بەڵکو لەوەش زیاتر، لەگەڵ حاڵەتی رەواییدان بەو شێوە هاوپەیمانییە رادێ. هاوپەیمانییەک کە تیایدا داگیرکاری هاوپەیمان دەکرێ بە دۆستی دەرەجە یەک، بەڵام لەولاشەوە جووڵانەوەی کورد لە پارچەکەی تر، یان پارچەکانی

تردا، بەم پێیە، دەکەونە خانەی ناحەز و بگرە پەیوەندی دوژمنایەتیش...

وا دەزانم نەک هەر کاتی ئەوە هاتووە، بەڵکو زۆر درەنگیشە کە شکستی جووڵانەوە چەکدارییەکانی ئەم سەردەمە، بە تایبەتی ئەمەی پەکەکە، دەبێ بخرێنە چوارچێوەیەی سەرەوە و پەکەکە خۆیشی، لە بری بەلاڕێدابردنی ئاگایی جەماوەری کورد، بەوەی کە گوایە ئەوەی روویدا تەنیا ئاکامی پیلانیکی نێونەتەوەیی بوو، باشترە کەوا پەنجە بۆ ئەو راستییە رابکێشێ، واتە **راستیی تاڵیی شکستی خەباتی چەکداری**.

خەباتی چەکداری ساڵانێکە ئەو میکانیزمەی گرتۆتە خۆ، کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا و بڕیاری سوریاش بۆ کۆتاییهێنان بە هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ پەکەکە و دەرپەراندنی ئۆجەلان بۆ دەرەوەی سوریا، مەسەلەی هەرە گرنگ و سەرەکین لە روونکردنەوەی شکستی پەکەکە ودەستگیرکردنی سەرۆکەکەی. پەنجە راکێشان بۆ ئەم راستییە نەک هەر یارمەتی پەکەکە دەدا کە باشتر لە رووداوەکان بڕوانێ، بەڵکو یارمەتیشی دەدا بۆ خۆ دوورگرتن لە گەڕانەوە بۆ هەمان بازنەی دوێنێ: پێشتر لەگەڵ سوریا، ئەمڕۆ لەگەڵ ئێران و سبەینیش لەگەڵ عیراقدا و... هتد. دیارە بە هەرحاڵ پرەنسیپە ئایدیۆلۆژییەکانی پەکەکە و ئەو کولتوورە سیاسییە، کە ساڵەهایە سەرچاوەی پەروەردەی حزبی و ئیلهامە بۆ بڕیار و هەڵسوکەوتی ئەو حزبە، هۆی هەرە گرنگن بۆ ئەوەی پەکەکە تەفسیری پیلانگێڕی بۆ شکستی خۆی هەڵبژێرێ، لە بری پیداچوونەوەیەکی بابەتییانە بە ئەو خەباتە چەکداری و سیاسییەی کە تا ئێستا پیادەی کردووە. خۆلادان لە پێداچوونەوە بە چەوتییە ستراتیجییەکانی پەکەکە و خۆ دوورخستنەوە لە گیانی رەخنە لەخۆگرتن سروشتی نادیموکراتییانەی جووڵانەوەکە پیشان دەدات. ئەوەی بە پلەی یەکەمیش لەم پرۆسەیەدا زیانی پێدەگات نەتەوەی کورد و دۆزە رەواکەیەتی.

بە هەر حاڵ، نابێ ئاماژەی سەرەوە بە مانای بێبایەخکردنی خەباتی چەکداری بێت، بەڵکو هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندن.

خەباتی چەکداری پەکەکە توانی رۆڵێکی گرنگ ببینێ لە مەسەلەی بەهێزکردنی هەستی باوەڕبەخۆبوون لە لای گەلی کورد لە باکووری کوردستان و رۆڵی بەدەنگهێنانی ببینێ لە مەسەلەیەکدا، کە ساڵەها بوو بێدەنگ کرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، جگە لەو ئاماژەیەی سەرەوە لە ئاستی هەڵسوکەوتی ستراتیجیدا، پەکەکە لەگەڵ، ئەم شێوە خەباتەیدا، کەوتە چەند کورتهێنان و هەڵەیەکەوە:

١) پەکەکە بەردەوام پێیوابووە کە خەباتی باکووری کوردستانی **لە سفرەوە** گەیاندە حاڵەتی تەحەدداکردنی شۆفینیزمی تورکی و ... هتد. ئەگەر بە گریمانە ئەم بۆچوونەی پەکەکە پەسەندیش بکەین کە پەکەکە **لە سفرەوە** خەباتی دەست پێکردووە، کە هەرگیز وا نییە، دەبێ لەخۆ بووردەیی (موسا عەنتەر)یش بخەینە حیسابەوە کە دەڵێ "تا دۆخەکە گەیشتە ئاستی سفر زۆر قوربانی و خەباتی پێویست بوو"!

٢) دەبووایە پەکەکە هەر زوو خەباتی چەکداری وەک ئامرازێکی تاکتیکی تەماشا بکردایە نەوەک ستراتیجی: بەو مانایەی کە خەباتی چەکداری دەتوانێ **تەنها هەندێ شتی سنووردار بەدەست بهێنێ**، وەکو مەسەلەی بەهیزکردنی هەستی تەحەددا و رۆحی بەرهەڵستکاری لەلای جەماوەری کورد و یارمەتیدان بۆ بووژاندنەوەی سایکۆلۆژی بەرخۆدان لای ئەو جەماوەرە.

٣) دەبێ پەکەکە هەر زوو هەستی بە لایەنە ویرانکارەکەی ئەم شێوە خەباتە بکردایە، بە واتای ئەوەی ئەم شێوە خەباتە تەنیا ئامرازی تووڕەکردنی دوژمن بووە. جگە لەمە، ئەم شێوە خەباتە خۆی رەوایی داوە بە سیاسەتی ویرانکاری دوژمن لە کوردستاندا، نەک ئامرازەکە توانای هەبێ

ئەم دوژمنە ناچار بکا و چۆکی پێدابدا. ڕاگواستنی ملیۆنان کورد و وێرانکردنی زیاتر لە ٣٠٠٠ لادێ لە باکووری کوردستان تەنیا بە سیاسەتی شۆفینیزمی تورکیا تەفسیر ناکرێ، بەڵکو ئەم ڕاگواستنە بەشێکە لە کاردانەوەکانی ڕژیم بەرامبەر خەباتی چەکداری. لە ئاکامی لیکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە تەنیا ژمارەی ئەو لادییانەی لە نیوان سالانی ١٩٩٦-١٩٩٩ ویران کراون زیاترن لە ژمارەی ئەو لادێیانە کە لە نێوان سالانی ١٩٧٦ تا ١٩٩٦ وێران کراون.

٤) پەکەکە زیاتر لە ئاستی پروپاگەندەدا کاری لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا کردووە کە دەڵێ ژەنەڕاڵەکانی تورکیا دەخوازن شەڕ لە کوردستان هەبێ، هەڵبەتە ئەمە ڕاستییە و بە لیکۆڵینەوەی تورکەکان خۆیان سەلمینراوە کە جەنەڕاڵەکان حەز دەکەن شەڕ بەردەوام بێت. لە لایەکی ترەوە، من گومانم هەیە کە پەکەکە لە گۆشەبینینێکی ترەوە، جگە لە پڕۆپاگاندە، لەم دیاردەیەی ڕوانیبێ، ئەگەر نا دەکرا ڕۆژیک لە ڕۆژان سەرکردایەتی ئەم حزبە خۆی بە جورئەت بخستایەتە بەردەم ئەم ڕاستییە و بیگوتایە: **ئێمە چیتر شەڕێک ناکەین کە بە دڵی ژەنەراڵەکانی تورکیا بێت!**

-٢-

دوای ئەوەی عەبدوڵلا ئۆجەلان گەیشتە ڕۆما جموجۆڵێکی گەرمی دیپلۆماسی هەمەلایەن دەستپێکرد: گرژبوونی پەیوەندییەکانی ئیتالیا و تورکیا؛ دەرچوونی هەندێ پێشنیار لە ئەورووپاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا؛ چالاکی بەگوڕی کوردەکان بۆ فشار خستنە سەر وڵاتانی ئەوروپا، بە تایبەتی ئیتالیا، بۆ دانی مافی پەنابەری بە ئۆجەلان و لە پالیشیدا داواکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد؛ فشاری ئەمریکا بۆ سەر وڵاتانی جیهان، بە تایبەتی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، کە بە هیچ شێوەیەک مافی پەنابەری بە ئۆجەلان نەدرێ بۆ قەناعەتپێکردنی تورکیا و جیهانی ڕۆژئاوا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا. دیارە لەو چالاکییە دیپلۆماسییە هەمەلایەنانەدا مەسەلەی هەوڵی ئۆجەلان بۆ خستنەڕێی پرۆسەیەکی ئاشتی گرنگییەکی تایبەتی وەردەگرێ.

بە هەر حاڵ، هەوڵەکانی ئۆجەلان کۆمەڵێ خەسڵەتی گرتە خۆ لەمانەش:

١- سازشێکی زۆری بی وینەی ئوجەلان لە دروشمە سەرەکییەکانی پەکەکە کە لە ڕاستیدا زووتر دەستی پیکردبوو، بەڵام لە ڕۆما شیوەیەکی تازەی گرتەخۆ.

٢- لەم قۆناغەدا، بە شێوەیەکی ئاشکراتر و بگرە چارەنووس سازتر، دوارۆژی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان بە چارەنووسی پەکەکە و ئۆجەلانەوە گرێدرا. ئەم پێشوەچوونەش دیارە هەندێ هۆی هەن، لەوانەش مەرکەزیەتێکی زۆر توند بەردەوام کولتووری ڕێکخستنی پەکەکە بووە و لە ناو ئەم مەرکەزیەتەشدا ئۆجەلان جیگەی هەرە مەرکەزی و تایبەتی هەبووە.

لە ڕاستیشدا زۆرجار بەکارهێنانی وشەی سەرۆکایەتی لە بری سەرۆک، بۆ ناوهێنانی ئۆجەلان، یا ئاماژەکردن پێی، بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە پەکەکە وەکو کۆیەکی سەرکردایەتی تەماشای ئۆجەلانیان کردووە نەک وەکو تاکێک لە ناو کۆدا. هۆی تریشیان شێوەی تیڕوانینی پەکەکە و ئۆجەلان بوو بۆ ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییانەی، کە لە ئەوروپا و جیگەی تر بەرپا بوون. هەرچەندە هەموو چالاکییەکان بە زەرورەت بۆ پشتگیری لە پەکەکە و ئۆجەلان نەبوون، بەڵام لە لایەن پەکەکە و ئۆجەلانەوە وا پێشوازی لەم چالاکییانە کرا وەک ئەوەی ئەم چالاکییانە گشتیان پشتگیری بن بۆ شەخسی ئەو. دیارە ئەم حالەتەش باوەڕ بەخۆبوونێکی لای ئۆجەلان دروست کرد و بووە هۆی لەخۆباییبوونێکی لەرادەبەدەر، بە مانایەکی تر چارەنووسی کێشەی کورد لە تورکیا لە هەموو ڕۆژێ زیاتر کەوتە دەست پەکەکە و چارەنووسی پەکەکەش لە هەموو

کاتێک زیاتر کەوتە دەست ئۆجەلان. هۆیەکی تریشیان، بۆ حاڵەتی گرێدانی تەواوی مەسەلەکان بە چارەنووسی ئۆجەلانەوە، ئەوە بوو کە ئۆجەلان کەوتە ناو مەرکەزی میدیا و گرنگیپێدانی رەسمی و نارەسمی جیهانییەوە. دیارە ئۆجەلان لەم کاتەدا ئەم پێشوەچوونانەی خستە کار بۆ قرزگارکردنی پەکەکە بە گشتی، بە تایبەتی خۆی، لەو بنبەستەی کە پێی گەیشتوون لە رێگەی پیشکەشکردنی سازش لە دوای سازش. ئاکامی تری ئەم حاڵەتەش ئەوە بوو کە ئەم گرێدانەی چارەنووسی مەسەلەکان بە تەواوەتی بە ئۆجەلانەوە وای کرد کە لەگەڵ دەستگیرکردنی ئۆجەلان تەواوی ئیرادەی پەکەکە و چارەنووسی کێشەی کورد لە باکوور دەستگیرکر و خرایە کونجی بەندیخانەوە.

ئەو داواکارییانەی ئۆجەلان، کە ناوی پرۆژەی ئاشتی لینرا، لە باشترین حاڵەتدا سازشێکی مێژوویی بوون، کێشەی کوردی لە تورکیا لە چوارچێوەی کێشەیەکی نەتەوەیی دەرکرد و کردی بە کێشەیەک کە دەکرێ لە سنووری چەند هەنگاوێکی حکومەتی تورکیادا چارەسەر بکرێ.

بە باوەڕی من نەک هەر خستنەڕووی ئەم داواکارییانە نەبوونە مایەی کاردانەوەیەکی گونجاو لە لایەن تورکیاوە، بەڵکو هەر خستنەڕووشی بەم ناوەڕۆک و شێوەیە شتێکی زیدە بوو، بۆ دۆزی کوردیش زیانبەخش بوو. لە راستیدا هیچ کەس و لایەنێک (تورکیا هەر هیچ!) پرسیاری لە ئۆجەلان نەکردبوو ئایا داواکارییەکانت چین؟ بەو مانایە دەکرا ئۆجەلان داوای دوو شتی سەرەکی بکردایە، کە وەلامدانەوەیان بە ئەرینی (پۆزیتیڤانە) رێگەی خۆش ئەکرد بۆ قۆناغی دووەم، کە تیایدا داواکارییەکانی دەخستە پێش چاو. ئەو دوو شتەش:

١) پەکەکە داوای دایەلۆگ بکا و مەبەستیش لە دایەلۆگ هینانەکایەی ئاشتی بێ...

٢) بۆ ئەوەی ئەم دایەلۆگە فەراهەم بێ، دەبوو پەکەکە رەوایەتی سیاسی وەرگرێ و سیفەتی نوێنەرایەتی بدرێتێ.

دیارە ئەم دوو قۆناغە کاتی خۆی (لە کۆتایی ١٩٨٠کاندا) پرۆسەیەک بوو، کە رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی (PLO) پێیدا تێپەڕ بوو، بەر لەوەی باس بێتە سەر خستنە رووی داواکارییەکانی فەلەستینییەکان. ئەوەشی لێرەدا گرنگە بگوترێ ئەوەیە کە بەر لەوەی دایەلۆگ و بە رەوایی زانینی (PLO)، لە چاوی ئیسرائیل و ئەمریکییەکانەوە، فەراهەم بێت پێویستی کرد کە لە ساڵی ١٩٨٨ سەرۆکی (PLO)، یاسر عەرەفات، رایگەیێ کە ئیتر فەلەستینییەکان واز لە چەک دەهێنن و لە بری زەبروزەنگ رێگەی دایەلۆگ و چارەسەری سیاسی دەگرنە بەر. دیارە ئۆجەلان ئەو پرۆسەی سازش دوای سازش، کە لە رۆماوە دەستی پێکردووە تا ئێستا، بە مەبەستی ئەوە بووە کە بە کەمترین رادەی داواکاری، تورکەکان رازی بکات کە بکەونە دایەلۆگ لەگەڵ ئەو و حزبەکەی. هەر بە پەیوەندی لەگەڵ نموونەی فەلەستینییەکان، بەر لەوەی بچینە سەر باسی ئەو قۆناغەی کە لە دەستگیرکردنی ئۆجەلانەوە دەستی پیکردووە، دەبێ بڵێین کە بەشێکی گرنگ لە راگەیاندراوەکانی ئۆجەلان لە رۆما، بە تایبەتی لەمەڕ مەسەلەی وازهێنان لە خەباتی چەکداری، نارِوونی و دژایەتییان تێدا بەدی دەکرا. هەرچەندە چەند رۆژێک دوای گەیشتنی بە رۆما، ئۆجەلان رایگەیاند کە پەکەکە ئامادەیە واز لە چەک بهینێ، بەڵام چەند رۆژێکی تر دوای راگەیاندراوەکە، لە حاڵەتی کاردانەوەی نەرێنی (نێگەتیڤانە) لە لایەن تورکیاوە، ئەوا پەکەکە ئامادەیە شەڕ چڕتر بکا.

ئەم دژایەتییەی نێو راگەیاندراوەکان هەندێ شت دەردەخات:

١- دەکرێ هەر زووتریش، هەرنەبێ لە سەرەتای ١٩٩٠کانەوە، باس لە دوو بۆچوون بکرێ لە ناو پەکەکەدا یەکێکیان جەخت لەسەر شەڕ و یەکلاکردنەوەی سەربازی دەکاتەوە، بەڵام ئەوی

تریان زیاتر گرنگی بە شێوەی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی دەدات. هەڵبەتە ئەم دوو شێوە بۆچوونە هەریەکەیان جوگرافیای سیاسی خۆیان هەیە: ئەو لایەنەی جەختی ئەکردە سەر قورسایی لایەنی سەربازیی لە خەباتدا ئەو کادر و ئەندامانە بوون کە لە مەیدانی خەباتی چەکداریدا کارا بوون، بەڵام لایەنی جەختکار لەسەر لایەنی سیاسی–دیپلۆماسی بەشی زۆری ئەو کادر و ئەندامانە بوون کە لە جیهانی رۆژئاوادا چالاکییان ئەکرد و رۆژ لە دوای رۆژ شارەزاییان زیاتر دەبوو لەمەڕ ئەو دەرفەتانەی کە خەباتی سیاسی–دیپلۆماسی دەتوانێ بیانخوڵقێنێ. هەڵبەتە، لە شێوە بۆچوونێکی ئەوهادا، نە دەتوانین هێڵێکی یەکلاکەرەوە بکێشین لە نێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا و نە دەشتوانین بڵێین کە ئەم دیاردەیە بە هەمان قەوارە و هەمان مەودا لە جێگای خۆی وەستاوە، بەڵکو ئەم دیاردەیە لە گۆڕانکاری بەردەوامدا بووە، لە بەرژەوەندیی ئەو لایەنەی قورسایی دەدا بە لایەنی سیاسی–دیپلۆماسی. هۆیەکی گرنگی ئەم گۆڕانکارییەش ئەوەیە کە لە سەرەتای ١٩٩٠کانەوە، بە تایبەت بەهۆی بەکارهێنانی هەلیکۆپتەری جەنگی (کۆبرا و سیکورسکی) هاوسەنگی هێز لە جەنگدا رۆژ بە رۆژ لە بەرژەوەندی لایەنی دەوڵەت (تورکیا) دەگۆڕا. جگە لەمەش، هەر وەک پێشتر لەم وتارەدا باس کرا، تا دەهات لایەنی وێرانکاری جەنگەکە چڕتر دەبوویەوە. ئەمەش نەک هەر بۆ خەڵکی مەدەنی، بە تایبەتی لە لادێکان تراژیدیا بوو، بەڵکو بۆ هێزەکانی پەکەکەش مەرجەکانی خەباتی چەکداری رۆژ دوای رۆژ سەختتر دەبوون. دیارە دەرکردنی ئۆجەلان لە سوریا و هاتنی بۆ رۆما رووداوێک بوو کە لایەنی (ئاراستەی) خەباتی سیاسی – دیپلۆماسی بە زەرورەت بەهێز کرد، بە رادەیەک کە ئۆجەلان هەر لە رۆماوە باسی فڕیدانی چەکی کرد.

–٣–

لەم وتارەدا بابەتی وازهینان لە خەباتی چەکداری گرنگییەکی تایبەتی وەردەگرێ.

پێشەکی باشترە ئەوە بڵێم کە من بە گشتی هەڵوێستێکی رەخنەگرانەم هەبووە بەرامبەر بە خەباتی چەکداری. لە وتارێکمدا لە (گۆڤاری *یەکگرتن*، ژمارە ١٥، ١٩٩٢) بە شێوەیەکی فراوانتر تیشکم خستۆتە سەر بابەتی خەباتی چەکداری. یەکێک لەو مەسەلانەشی کە بە توندی لە باسێکی ئەوهادا دێتە پێشەوە ئەم پرسیارەیە: ئایا بۆ هێزێکی کوردی دەست دەکا بە خەباتی چەکداری؟ وەڵامی ئەم پرسیارە وەکو بڵێی بەردەوام ئامادە و خۆڕست (ئۆتۆماتیکی) بووە: بەردەوام گوتراوە کە **دوژمن ناچاری کردووین دەست بدەینە چەک**! هەڵبەتە ئەم شێوە وەڵامە زۆرجار بەکار هاتووە بۆ رەواییدان بە بەکارهێنانی چەک لە ململانێدا لەگەڵ رژێمی داگیرکاردا. وا دەزانم ئەم شێوە وەڵامە، لە دەمەتەقێی رەوایی یان ناڕەوایی چەک هەڵگرتن، دەتوانێ پاساوێک بداتە دەست ئەوانەی کە بانگەشە بۆ خەباتی چەکداری دەکەن. بەڵام، لە لایەکی ترەوە، ئەم وەڵامە هەرگیز ناتوانێ خاڵە لاوازەکانی پرۆسەی خەباتی چەکداری بشارێتەوە کە لەوانە:

١) خەباتی چەکداری (رەوایی) دەدا بە دوژمن بۆ کاولکردنی زێتری کوردستان.

٢) هەر ئەم پرۆسەی خەباتی چەکدارییە هۆیەکی هەرە گرنگە بۆ هاتنەکایەی تەبەعیەت و وابەستەیی جووڵانەوە چەکدارییەکە لە "هاوپەیمانیدا" لەگەڵ دوژمنێک یان چەند دوژمنێکی داگیرکاردا.

٣) ئەم جۆرە خەباتە رێک ئەو شتەیە کە رژێمێکی فاشیست، شۆڤێنیست یا عەسکەریتاری پێویستییەتی بۆ رەواییدان بە سیاسەتی نادیمۆکراتییانە و بەهێزکردنی جەمسەری سایکۆلۆژی دوژمنکارانە و شەڕانگیزی نەتەوەی سەردەست، چونکە جووڵانەوەی چەکداری بەردەوام وەکو

هەڕەشەیەکی فیزیکی و راستەوخۆ وێنادەکرێ بۆ ئەو دەوڵەتەی کە دەربڕی پڕۆژەی سیاسی ئەم نەتەوە سەردەستەیە. لە راستیشدا هەر ئەم توخمانەن، بە تایبەت جەنەراڵەکان، کە ناخوازن کۆتایی بە شەڕ بێ لە تورکیا.

٤) لە حاڵەتی جووڵانەوەی چەکداری پەکەکەدا، تورکیا تا رادەیەکی زۆر لەوەدا سەرکەوت کە هەرنەبێ پشتگیری جیهانی رۆژئاوا مسۆگەر بکا بۆ دژایەتیکردن و گەمارۆدانی دیپلۆماسییانەی راپەڕینی چەکداریی پەکەکە، بە تایبەتی لە رێگەی ئەوەوە کە سیفەتی تیرۆریزم بخاتە پاڵ ئەو جووڵانەوەیە. سەرکەوتنی تورکیا لەم بوارەدا تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە تورکیا ئەندامی ناتۆ بووە، وە بە گشتیش لە جیهانی رۆژئاواوە نزیک بووە، بەڵکو زێدەڕۆیی پەکەکە خۆی لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ، کە تەنانەت ساڵانی زوو ئەندامانی یاخیبووی پەکەکەشی دەگرتەوە. هەڵبەتە پەیوەندی و هاوکاری سیاسی و ستراتیجی پەکەکە لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی و ئایدیۆلۆژی خەباتیدا، بە هەندێ ولات و هێزەوە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، کە بەرەی پشتگیری تیرۆریزم یان بە تیرۆریست ناسرابوون، رۆڵی نێگەتیڤی هەبوو لەم بوارەدا.

دەرەنجام، ئەو خالانەی سەرەوە هەندێک لە خاڵە لاوازەکانی خەباتی چەکدارین، لە هەمان کاتدا هۆکاریشن بۆ ئەو بنبەستەی کە خەباتی چەکداریی پەکەکە پێیگەیشتووە. واتە، ئەم باسەی سەرەوە گرنگە بۆ چوونە ناو باسی دانانی چەک، یاخود وازهێنان لە خەباتی چەکداری.

لە نێوان هەڵگرتنی چەک و دواییش وازهێنان لە خەباتی چەکداری لەیەک چوونێک هەیە بەو مانایەی کە دەکرێ هەنگاوەکانی چەکدانان کاردانەوە و هەڵوێستی بە پەلە و دوور لە لێکۆڵینەوەی قووڵ و فراوان بن و بە پێچەوانەشەوە دەکرێ هەنگاوەکان لە ئاکامی لێ وردبوونەوە و دیراسەکردنەوە بهاوێژرێن. دیارە لەو حاڵەتەی کە ئێمە باسی لێوە دەکەین، کە هی پەکەکەیە، بڕیار لەسەر هەڵگرتن و دانانی چەک زیاتر رەنگدانەوەی هەنگاوی بە پەلەن، کە زێتر خەسڵەتی کاردانەوە بە خۆوە دەگرن. بە هەر حاڵ، ئەم بۆچوونە لەمەر هەڵگرتنی چەک، پێشتر لە سەرەوە روون کراوەتەوە.

کە باس دێتە سەر بڕیاردان لەسەر وازهێنان لە چەک، دیارە دیسان پەیوەندی بە بارودۆخێکی تایبەتییەوە هەیە کە پەکەکە تێی کەوتووە، بە تایبەتی لە ئاکامی دەستگیرکردنی ئۆجەلان، بەو مانایەش وازهێنانەکە کاردانەوە و بڕیاریکی ناسروشتییە. دیارە تا رادەیەکی زۆریش لەبەر ئەوەیە زۆر لایەن، بە تایبەت رژێمی تورکیا، باوەڕیان وایە کە ئەم چەکدانانە بڕیارێکی ستراتیجی نییە و، لەبەر ئەوەش هەنگاوەکە جێی باوەڕی رژێمی تورکیا نییە.

بە باوەڕی من پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا واز بهێنرێ لە خەباتی چەکداری یان نا، کە دەبووایە دەمێکە وازی لێ بهێندرایە، بەڵکو پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەم وازهێنانە لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەڵ و هەمەلایەن دەدرێ؛ وە ئایا هەنگاوەکە ستراتیجییە یان نا، ئەگەر بە ئا یا نا، ئەی کەوایە بۆچی؟ پرسیاری تر ئەوەیە ئایا چ کاتێک گونجاوە بۆ چەکدانان، بە مەرجێک ئەو چەکدانانە، لە رووی کاتەوە، نە زوو بێ و نە درەنگ، کە تیایدا جووڵانەوە واز لە خەباتی چەکداری بهێنێ؟ پرسیاری تر، ئایا دانانی چەک وەکو پەیامێکی سیاسی–دیپلۆماسی ئاراستەی کێ دەکرێ، ژەنەڕاڵەکان یاخود کۆمەڵگەی جیهانی، بە تایبەتی جیهانی رۆژئاوا؟

لە راستیدا ئەم پرسیارانە و پرسیاری تریش لەم شێوەیە، گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرن. من وتاریکم لەم رۆژنامەیدا (پەیام، دیسەمبەری ١٩٩٨) کە هەشت مانگ بەر لە دەرکردنی ئۆجەلان (لە سوریا) نووسیبووم، بلاو کردۆتەوە. ئەوەی لە وتارەکەدا هاتووە، کە ئەویش بانگەشەبوو بۆ وازهێنان لە خەباتی چەکداری، زووتر لە ساڵانی ١٩٩١–١٩٩٢ وەکو بیر و بۆچوون دەرم بڕیبوو،

بەڵام ئەو کاتە پەکەکە هەر بۆچوونێکی لەو جۆرەی بە توندی رەت ئەکردەوە. زۆر بە کورتی، دەخوازم لیرەدا جارێکی تر بڵێم کە فرێدانی چەک، وەکو ئەڵتەرناتیڤێکی ستراتیجی نەک وەکو کاردانەوەیەک بە هۆی بار و دۆخێکی تایبەتییەوە، لە کۆتایی هەشتاکاندا و هەرنەبێ لە سەرەتای نەوەدەکاندا بۆ پەکەکە **کاتی هاتبوو**. دیسان دەڵێم دانانی چەک وەکو ئەڵتەرناتیڤی ستراتیجی لەسەر ئەو بنچینەیە دەکرا کە بە هۆی وازهێنانی پەکەکە لە چەک:

١) ئەم جووڵانەوەیە خۆی رزگار ئەکرد لە هاوپەیمانییەک کە لە راستیدا میکانیزمێکی تەبەعیەت و وابەستەییە بۆ دوژمن یا داگیرکاری پلە دوو، کە لەم حاڵەتەدا سوریایە.

٢) دانانی چەک کۆتاییهێنان دەبوو بە پرۆسەی ماڵوێرانی و راگواستن و ... هتد.

٣) بە دانانی چەک ژەنەراڵەکان چەک دەکران و هەموو هێزی سەربازی تورکیا بێ مانا و بێ کاریگەری دەکرا. جگە لەوە، کارتی تیرۆریزمیش لە دەست شۆڤینیستەکانی تورکیا دەرئەهێنرا. بەم شێوەیە، خەباتی کورد لە (سیفەتی) تیرۆریزم رزگار دەکرا، کە دەمێکە بەسەر ئەو خەباتەدا سەپێنراوە لە باکوور و بووەتە گرێ و بارگرانایی. بە مانایەکی دیکە، بە دانانی چەک تورکیا پاڵدەدرایە گۆشەیەکی تەسکەوە و لە رووی نیونەتەوەییشەوە بە بێ کارتی (بەرگری) دەمایەوە.

٤) ئەو گۆڕانکارییە هەمەلایەنانەی کە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بووەتە راستییەکی سەر مەیدانی سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، ئیتر مەودای بە شێوە خەباتی چەکداری تەسکتر و تەسکتر کردۆتەوە و رێگەی خۆش کردووە بۆ خەباتی سیاسی، بە تایبەت لە تورکیا.

ئەڵتەرناتیڤێکی ستراتیجی بۆ دانانی چەک دەبووایە ئەم خاڵانەی سەرەوە و زۆر شتی تریشی بخستایەتە حیسابەوە و بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە هەرچەندە چرکەی یەکەمی چەکدانان دەبێتە هۆی دەربڕینی شێوەیەک لە هەستی سەرکەوتن لە لای ژەنەراڵەکان و فەرمانڕەوایانی ئەنقەرە، بەڵام لە مەودای دووردا هەر ئەم چەکدانانە هۆکارێکە بۆ بێماناکردن و بە پەراوێزخستنی هێزە شەڕخوازەکانی پەیوەندیدار بە دۆزی کوردەوە لە تورکیا.

بەو مانایەی هەرچەندە بڕیاری دانانی چەک لە لایەن پەکەکەوە زۆر درەنگ هات و بەسترابوو بە حاڵەتی بنبەست و شکست و تەنازولی سیاسییەوە لەمەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی فڕێدانی چەک و گەڕان بە دوای ئەڵتەرناتیڤدا تاکە رێگەیە. لیرەوە دەخوازم بڵێم کە گەڕانەوەی پەکەکە بۆ خەباتی چەکداری و پاشگەزبوونەوە لە دانانی چەک کارەساتێکی ئینسانی و سیاسی نەبێ هیچی تر نییە، چونکە ئەم گەڕانەوەیە بەردەوامیدانە بە خەباتی چەکداری لە هەمان ژینگە و هەڵومەرجەکانی پێشوودا و بە خاڵە لاوازەکانی پێشووەوە.

ترسی من لە گەرانەوە بۆ بازنەی پیشوو، واتە بۆ خەباتی چەکداری، لەسەر ئەمەی خوارەوە بونیاد نراوە:

١) دانانی چەک خۆئامادەکردنێکی دەروونی-سیاسی پێویستە و پرۆسەی پەرەوەردەکردنی کادر و چەکهەڵگرەکان دەخوازێ، وەک ئامادەکارییەک بۆ دانانی چەک. چەک بۆ زۆر کەس فەلسەفە و قەناعەت و ناسنامەیە، هەڵگێڕانەوەی ئەم هاوکێشەیە وە گۆڕینی مەسەلەیەکی قورسە و کاتی پێویستە.

٢) ژەنەڕاڵەکان و هێزە شەڕخوازەکان دەخوازن شەڕ بەردەوام بێ. بۆ فاشیزم شەڕێکی سنووردار زەرورەتە.

٣) هیزە ئیقلیمییەکان، بە تایبەت ئێران، رۆڵێکی خراپیان دەبێ و حەز دەکەن شەڕ و سەرئێشەیەک

هەبێ بۆ تورکیا. ئەم ئەگەرە، لە حاڵەتی ئێراندا، لەگەڵ بەهێزبوونی توندڕەوەکان لە بازنەی دەسەڵاتی ئێراندا، بەهێزتر دەبێ.
٤) نەفەسکورتی پەکەکە و بە تایبەت هی سەرۆکەکەی، کە دەخوازن بەرهەمی دانانی چەک دەمودەست ببینن.
٥) لەوانەیە ترسی پەکەکە، لەوەی کە گروپێکی لێجیاببێتەوە و ئەو گروپە بگەڕێتەوە سەر خەباتی چەکداری، وا بکا کە ئیتر تەواوی پەکەکە لە بڕیاری خۆی پاشگەز ببێتەوە، چونکە هەر گروپێکی دیکە لە پەکەکە جیا ببێتەوە و بەردەوامی بە خەباتی چەکداری بدات و پشتگیری جەماوەریش بەدەست بهێنێ، ئەوا پەکەکە ڕەوایی سیاسی لەدەست دەدات. دیارە پەکەکە بە هۆی سروشتە ئایدیۆلۆژییەکەی و کولتوورە سیاسی و ڕێکخراوەییەکەی ڕێگە بە پێشووەچوونێکی ئاوها نادات!.

-٤-

هەر لەگەڵ دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا، مەسەلەکان کەوتنە قۆناغێکی نوێوە: ناکۆکییەکی توند لە نێوان ئەم ڕووداوە وەکو دەرفەت لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە وەک بەردەوامی پرۆسەی شکست.

باوەری خۆم وابوو کە ئۆجەلان دەرفەتی هەبوو ببێ بە نیلسون ماندێلای کورد. دیارە کە ئەمە نەبوو، هەرنەبێ دوو هۆی سەرەکی هەبوون:
١) ئۆجەلان هەموو هەوڵێکی خستە سەر خۆنەجاتدان لە مردن (لە سیدارەدان).
٢) لە ڕاستیدا ئۆجەلان هەڵوێستی سیاسی بەهێزتر بوو لەوەی خۆی تەقدیری ئەکرد. بە مانایەکی تر، ئۆجەلان هەرنەبێ تا تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆریش بەسەر دەستگیرکردنیدا، پێگەی خۆی زۆر لاوازتر هەڵسەنگاندووە لەوەی کە لە ڕاستیدا هەیبوو. هەڵوێستی بەهێزی ئۆجەلانیش ڕێک دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە تورکیا دیوارەکانی بەرامبەر ئەوروپا و جیهانی ڕۆژئاوا لە شووشەن و چی لە دیوە تورکییەکەی ئەم دیوارە شووشەیەوە ڕوو دەدات دەبینرێ و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی لێ وەردەگیرێ.

سەرکردایەتی پەکەکە هەر زوو، دوای گرتنی ئۆجەلان، بڕیارێکی پڕ لە جێگای خۆی دەرکرد، ئەو بڕیارەی کە دەڵێ پەکەکە گوێڕایەڵی ئەو فەرمانانە نابێ کە لە لایەن ئۆجەلانەوە لە گرتوخانەوە دەردەچن... دیارە هەر زوو ئەم سەرکردایەتییە، لە پراکتیکدا، لەم بڕیارەی خۆی پاشگەز بوویەوە. هەر زووش دەرکەوت کە ئۆجەلان لە پەیوەندی و لە یەکگەیشتنێکی (پشت پەردە)ی چڕدایە لەگەڵ (تورکەکان): بە کورتی هەر لایەنێک کۆمەڵێک کارتی لە دەستدا بوون کە ئەیانتوانی بەرامبەر بە یەکتر یاری پێ بکەن. یەکێ لەو ئاکامانەی کە لەم یارییە کەوتەوە ئەوە بوو کە سەرکردایەتی پەکەکە ڕای خۆی گۆڕی، بەمەش نەک هەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئۆجەلان بوون، بەڵکو سەد لە سەد و بێ هیچ دواکەوتنێک ئەو فەرمانانەیان جێبەجێ ئەکرد. ئەم پێشووەچوونە جارێکی تر ئەوەی دەرخست کە پەکەکە چەندە ڕێکخراوێکی مەرکەزییە، بە ڕادەیەک کە نەک هەر پەکەکە گوێڕایەڵی قسەکانی ئۆجەلانە، بەڵکو ئامادەشە خۆیشی و نەتەوەی کوردیش بخاتە ئەو گرتووخانەیەی کە ئۆجەلانی تیایە...

دیارە ساڵەهای ساڵە ئۆجەلان گەریلاکانی خۆی بەوە پەروەردە کردووە کە چۆن پێشبڕکێ بکەن لە مەیدانی قوربانیداندا، بەڵام هاوتەریب هەموو توانایەکی خۆیشی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی کە چۆن، لەسەر حسێبی هەرچییەک بێت، خۆی نەبێتە قوربانی.

لە پرۆسەی دەستگیرکران و دادگاییکردنی ئۆجەلاندا زۆر بابەت هەن پێویستیان بە لیکۆڵینەوە

هەیە. بەڵام شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئۆجەلان لە ژێر دروشمی (کۆماری دیموکراتیک)دا دەخوازێ ئەوە رابگەیەنێ کە بە دیموکراتیبوونی تورکیا، کە لە چوارچێوەیدا کورد مافی بەکارهێنانی زمانی خۆی هەبێ و لە هەڵبژاردن و دامەزراوە رەسمییەکاندا بە یەکسانی بەشداری بکا، مەسەلەی کورد لەو وڵاتەدا چارەسەر دەبێ. هەر لە رۆژی بانگەشەکردن بۆ "کۆماری دیمۆکراتیک"، پەکەکە بە شێوەیەک بەرگری لەم دروشمەی ئۆجەلان دەکا وەک ئەوەی ساڵەهای ساڵ بێ پەکەکە بۆ ئەم دروشمە خەباتی کردبێ و ئەم هەزاران کەسەی کە کوژراون، ئەو ملیۆنەها کەسەی کە راگوێزراون، یا ناوچەکانی جێنشینی خۆیان لەبەر جەنگ جێهێشتووە، لە پێناوی تورکیایەکی دیموکراتیکدا بووبێ! ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ناڕەخنەگرانە هەندێک نووسەر و رۆشنبیری کوردیش (بۆ نموونە: کەماڵ میراودەلی لە پرۆگرامی سەکۆی ئازادی میدیا تی ڤی رۆژی ١٩٩٩/٩/٢٩) ئەم کۆماری دیمۆکراتیکە تیۆریزە ئەکەن و بانگەشە بۆ قبووڵکردنی ئەکەن. ئەز دەخوازم بەم شیوەی خوارەوە هەندێ بیر و بۆچوون لەمەڕ دروشمەکەی ئۆجەلان دەربرم، کە کەماڵ میراودەلی پێی دەبێژێ "پەرەسترۆیکا"!:

١) تکایە خوێنەر چەوت لێم حاڵی نەبێ: سیستمی دیمۆکراسی شێوەیەکی هەرە باشی رێکخستن و بەیەکەوە ژیانە، چونکە وینستن چەرچڵ گوتەنی، "لەو سیستمە باشترمان نییە". بەڵام بە زۆر لێکۆڵینەوەی زانستیش سەلمێندراوە کە بۆچوونی لیبراڵی (کە گوایە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بە رەوتێکی مۆدێرن و لیبراڵ-دیمۆکراتدا چارەسەری ململانێ ئێتنیکییەکان دەکا) بۆچوونێکی چەوتە. لە جیهانی رۆژئاوا، کە وڵاتەکانی پێشکەوتووترین سیستمە دیمۆکراسییەکانی جیهان پێک دەهێنن، تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە ململانێی ئیتنیکی-نەتەوەیی یا بێ چارەسەر ماونەتەوە یا بە نیوەناچڵ چارەسەر کراون. لە راستیدا هەندێک لەو ململانێیانە شێوازی خویناویشیان بەخۆوە بینیوە. بەریتانیا کۆنترین سیستمی دیموکراسی جیهانە، کەچی تا دوێنێیەکی زۆر نزیک نەک هەر بە میکانیزمی دیموکراسی نەیتوانی مەسەلەی ئیرلاند چارەسەر بکا، بەڵکو ململانێکە دەربڕینێکی خویناویشی بەخۆوە گرتبوو. هەندێک نموونەی تریش هەن، وەک مەسەلەی باسک لە ئیسپانیا و کیوبک لە کەنەدا و ... هتد، کە نموونەی زیندوون کە بە مۆدێرنیزەکردن و دیموکراسی چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی (بە شێوەیەکی خۆڕسک) ناکرێ!

٢) مەسەلەی نەتەوەیی بەر لە هەر شتێک پرسێکە کە رێک ئیرادەی سیاسی نەتەوەیی کاکڵ و بنچینەیەتی. هەتا ئەگەر لە فەرزێکدا سیستمێکی دیمۆکراسیش لە تورکیا بەدەست بێت، کە بەدەستهاتنیشی، لەبەر هەندێک هۆی مێژوویی و سیاسی و کەلتووری، زۆر توانا و کات دەخوازێ، **دیسان کورد هەر بە کەمایەتی ئەمێنێتەوە**، سیستمی دیموکراسیش هی زۆرینەیە جا با ئەو زۆرینەیە تەنها ٥١ لەسەدیش بێت، کە لەم حاڵەتەدا زۆرینەی نەتەوەی سەردەستە. کورد لە باشترین حاڵەتدا لە سایەی سیستمێکی دیموکراسیدا ژمارەیەک ئەندام پەرلەمانی دەبێ و حوکمی شارەوانییە کوردییەکان دەکات و . . . هتد، کە ئەمەش لە مەسەلە چارەنووسازەکاندا ناتوانێ زۆر شت بگۆڕێ. لە تەمەنی کۆماری تورکیادا هەرنەبێ ٥٠ ساڵە سیستمی فرەحزبی هەیە، بەڵام بەشی کوردستان لەو ٥٠ ساڵە و ساڵانی پێشتریش لە مامەڵەکردنی کۆلۆنییەک زۆر خراپتر بووە. لە راستیدا کۆماری تورکیا یەکەم وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەراستە کە هەر لە ١٩٣٠کانەوە دەستی بە پێشخستنی پیشەسازی قورس کردوە، بەڵام دوای نزیکەی ٨٠ ساڵ لە تەمەنی ئەو کۆمارە تا ئێستاش لە تەواوی باکووری کوردستاندا هیچ شوێنەوارێکی **پیشەسازی قورس** بوونی نییە. لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٥ کە گەرمترین ساڵانی مۆدێرنیزەکردنی تورکیان، لەم هەموو ساڵانەدا هیچ شێوە وەبەرهێنانێکی پیشەسازی یا کشتوکاڵی لە باکووری کوردستان

نەکراون. بە پێی ڕاپۆرتێکی تورکی (١٩٩٨ بڵاو بۆتەوە) ئەفریقیا و ئەورووپا لە تورکیا بە یەکتر دەگەن: ئەفریقیا بەشە کوردی و ڕۆژهەڵاتەکەیە (بە زۆرینەی کوردییەوە) و ئەورووپاش بەشە ڕۆژئاواکەیە (بە زۆرینەی تورکییەوە). ئەم ڕاپۆرتە لەسەر توێژینەوەیەک (دەربارەی هەموو ڕەهەندەکانی ژیان) بنیاتنراوە و لە لایەن پرۆژەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (UNDP) ساڵی ١٩٩٨ ئەنجامدراوە. دیسان بە پێی توێژینەوەیەکی تری نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەموو ساڵێک بڵاو ئەبێتەوە دەربارەی خشتەی گەشەسەندنی مرۆیی (کە کورتکراوەکەی HDI)یە، لە ساڵی ١٩٩٨دا تورکیا ٨٦هەمین دەوڵەت بوو لەمەڕ بەدەستهێنانی ڕادەی پێشووەچوونی مرۆیی، لە ڕووی چۆنیەتی و چەندایەتییەوە.

پرسیار ئەوەیە، ئایا کە تورکیا پێشکەوتووترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بێت (جگە لە ئیسرائیل) بۆ لە کۆی ١٧٤ وڵات جێگەی (٨٦)ی بەرکەوتووە: وەڵامەکەی، بەڵێ لەبەر ئەوەی بەشێک لەم وڵاتە (کە بەشە کوردییەکەیە) هێشتا، لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تری چۆنیەتی و چەندایەتی ژیانەوە، هەر ئەفریقیایە. ئەگەرنا گەر تەنیا بەشە پێشکەوتووە (تورکییەکەی) تورکیا بکرایەتە پێوەر ئەوا ئەو بەشە جێگەیەکی لە دەوروبەری پلەی ٣٠ لە کۆی ١٧٤ دەوڵەت دەست دەکەوت. لەمەش زیاتر بە پێی ڕاپۆرتێکی حزبی فەزیلە کە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٩٩ دراوەتە پەرلەمان، ئاستی داهاتی خێزانێک لە ناوچە کوردییەکان لە سەدی داهاتی خێزانێکە لەگەڵ ڕۆژئاوای تورکیا. حزبی فەزیلە، بە پێی ئەو ڕاپۆرتە، داوا دەکا کە (خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا) **بە شێوەیەکی ڕەسمی وەکو ناوچەی کاریسە** (disaster area) **ڕابگەیەندرێ**.

ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بەشێکی زۆر کەمن لەو ڕاستییانەی کە ناهەمواری دۆخی کورد لە تورکیا دەردەخەن، جگە لەو هەموو شتانەی کە هەموومان وەک کورد دەیزانین... تورکیا لە باری سیاسەتی ڕەگەزپەرستی (apartheid) ڕوو لە کورد، لە هەندێ لایەنەوە، لە سیستمی کۆنی ئەفریقیای خوارووشی تێپەڕ کردووە. دەبێ هەر لەبەر ئەوەش بێ کە نیلسۆن مەندێلا لە سەرەتای ١٩٩٠کان ئەوەی ڕەد کردەوە کە خەڵاتی (ئەتاتورک) وەربگرێ[2].

ئۆجەلان دەیتوانی لە بەرگرییەکەیدا هەرنەبێ بەشێک لەم وێنە تاریکەی ژیانی کورد لە تورکیادا بخاتە ڕوو. مرۆڤ ئەتوانێ بە ئاسانی بڵێ، ئۆجەلانیش دەیتوانی بڵێ، کە ئایا ساڵەهای ساڵە تورکیا کوردەکان بە جوداخواز لەقەڵەم دەدا ئەی تورکیا خۆی چ شتێکی باشی بۆ کوردەکان ئەنجام داوە بۆ ئەوەی کوردەکان پێویستیان بە جوداخوازی نەبێ؟ ئایا تورکیا هەڵسوکەوتی لەگەڵ کوردستان وەکو بەشێکی لە جیا لەو وڵاتە نەکردووە؟ ئەگەر تورکیا نزیکەی ٨٠ ساڵە بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورددا کردبێ، ئایا ئەم وڵاتە هیچ شێوە ڕەواییەکی ئەوەی هەیە کە کوردستان پارچەیەک بێت لێی؟ ئۆجەلان دەیتوانی ئەمانە و زۆر قسەگەلێکی لەم جۆرە بکات!

٣) بەدەستهاتنی سیستمێکی دیموکراسی، ئەوەی ئۆجەلان پێی دەبێژێ "کۆماری دیمۆکراتیک" لە تورکیا دەتوانێ شتێکی تیا بێت بۆ کورد کە ئەویش بەردەوامی داگیرکرکارییە: دوێنێ بە زەبری ئاگر و ئاسن، ئەمرۆش بە بانگەشە بۆ کۆماری دیمۆکراتیک و سبەینێیش لە ژێر "شەرعیەتی دیموکراتیدا"

.

[2] نیلسۆن مەندێلا وتویەتی "ئەوە بەسە یەک ڕۆژ لە تورکیا کورد بیت بۆ ئەوەی بزانیت مانای چەوسانەوە چییە".

## سەرئەنجام

تێگەیشتن و راڤەکردنی رووداوی دەرکردنی ئۆجەلان لە سوریا بە شێوەیەکی چەوت بە بەکارهێنانی چمکی پیلان (کۆمپلۆ) نەک هەر یارمەتیدەرێکی ئەرێنی و سوودبەخش نییە بۆ تێگەیشتنی ئەو رووداوە و لێکەوتەکانی، بەڵکو تەنانەت رێگەش دەگرێ لە تێگەیشتنێکی لۆجیکی و دروستی رووداوەکە. ئۆجەلان و پەکەکە بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ رژێمی سوریا کەوتنە ناو بازنەیەک، کە رێک لەو هاوپەیمانییە دەچوو کە جووڵانەوەی ئەیلوولی باشووری کوردستان (١٩٦١–١٩٧٥) لەگەڵ ئێران تێیکەوتبوو. بەو پێیەش ئەو ئاکامەی ئۆجەلان و پەکەکە پێی گەیشتن نەک هەر سەیر نەبوو، بەڵکو سروشتی بوو، لە راستیدا تا رادەیەکی زۆر چاوەڕوانکراویش بوو! رووداوەکان دەریانخست کە پەکەکە خۆی لە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی و جوگرافیای سیاسیدا حەشار دابوو کە بە ئاکام زیانبەخش بوو بۆ خۆی، دەشکرا زۆر زووتر خۆی لەم چوارچێوەیە رزگار بکردایە.

بە دەستگیرکردنی ئۆجەلان، پرۆسەی شکست مەدایەکی تازەی وەرگرت کە نەک پرۆسەکە دەربڕی بێماناکردنی ئەو هەموو قوربانییەی کە ساڵانێکە دەدرێن لە باکووری کوردستان، بەڵکو شکستەکە بە توندی مۆرکی نەرێنی (نێگەتیڤ)یش دەخاتە سەر داهاتووی دۆزی کورد، بە تایبەتی لە باکووری کوردستان.

ئۆجەلان بە دانپێدانان (ئیعتراف)ەکانی و زۆر لە راگەیاندراوەکانی، لە گرتووخانەوە، دوو گورزی داوە لە مەسەلەی کورد: یەکەمیان، لە داهاتووە سیاسییەکەی مەسەلەکە، یەکێکیش لەوانە بڕیاری چەکدانان لە ناو گرتووخانەوە. . . نابێ وازهێنان لە خەباتی چەکداری بڕیاری شەو و رۆژێک بێ، ئەگەر ئاوهاشی لێهات ئەوا لە دوور مەودادا نابێتە رووداوێکی پۆزەتیڤانە، بەڵکو دەکرێ بە نێگەتیڤیش بگەڕێتەوە. چەکدانان دەبێ بەر لە هەموو شتێک دەربڕی گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژی، کولتووری، سیاسی و هەندێک حیسابی ستراتیجی بێ. هەروەک چۆن خۆئامادەکردن لەم رەهەندانەوە کات و کۆششی پێویستە، هەروەها لە رووی دەروونیشەوە کات و هەوڵی زۆری دەوێ. بەدەستهێنانی بەرهەمە پۆزەتیڤەکانی چەکدانانیش دیسان کات و لەخۆبووردەیی زۆری دەوێ، مەرج نییە بە شەو و رۆژێک بەدەست بێت. دیارە بڕیاری چەکدانانی پەکەکە تا رادەیەکی زۆر کتوپڕ بوو، لەبەر ئەوەشە سەرکردایەتی پەکەکە، بە تایبەتی ئۆجەلان، بەرهەمی بە پەلەی ئەم هەنگاوەیان دەوێ. دیارە مەسەلەکانیش لەوە ئاڵۆزترن کە بە زوویی بەرهەمێکی راستەوخۆی ئەم چەکدانانە ببینین. ئەگەر ئەسلەن بیشی بینین؛ یاخود تەنانەت بگەڕێنەوە بۆ بازنەی پێشوو، واتە جارێکی دیکە هەڵگرتنەوەی دوای وازلێهێنانی.

* * *

بە باوەڕی من دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کە کورد بە جیدی ئەو تێزە "بەڵگەنەویستە" کە "بەڵێ دیموکراسی مەسەلەی نەتەوەیی چارە دەکا" بخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە و دواتریش رەددی بکاتەوە. دیموکراسی سیستمێکە کە پێویستە مرۆڤەکان خەباتی بۆ بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا یەک دانە نموونەش لە جیهاندا نییە سەلماندبێتی کە بە دیموکراسی مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر کرابێ... لە حاڵەتی باکووری کوردستان و "پرۆژە ئاشتییەکەی" ئۆجەلاندا کە "کۆماری دیمۆکراتیک"ە، لە باشترین حاڵەتدا گۆڕینی فۆرمی داگیرکارییە، واتە داگیرکردنی سەربازیی باکووری کوردستان لە فۆرمی سەربازییەوە دەگۆڕدرێ بۆ داگیرکارییەک لە فۆرمی "رەوایی

دیموکراتی".

له دۆخی ئابووری تورکیادا که ئەمڕۆ ١٠٠ ملیار دۆلار قەرزی دەرەوە و ٤٠ ملیاریش قەرزی ناوەوەی هەیە، کەی دەتوانێ، وە ئەگەر بشتوانێ کەی ئەسلەن دەخوازێ، ملیارەها دۆلار له کوردستاندا سەرف بکا بۆ پێشکەوتنی کوردستان تا له ئاستی دواکەوتوویی ئەفریقیاوە بیگەیەنێتە پێشکەوتوویی ئەوروپا، واتە بە مانایەکی دیکە پێشکەوتوویی بەشی رۆژئاوایی تورکیا؟ له ژێر سێبەری رەوایی دیموکراتیدا، نەک هەر کاربەدەستانی تورک باکیان له پێشخستنی کوردستان نابێ، بەڵکو له بەردەوامیدا هەڵلۆشینی سامانە سروشتی و مرۆییەکانی کوردستان میکانیزمی پەیوەندییەکان دەبێ.

کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی (internal colonialism) دەرئەنجامی لیکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییانەیە لەسەر پەیوەندییەکانی سکۆتلاند و بەریتانیا (سالانی ١٥٣٦-١٩٦٦). ئەو لیکۆڵینەوەیە ئەوە دەردەخا، کە دوای سەدان ساڵ لە سیستمی پەرلەمانی له بەریتانیا و گەیشتنی ئەو دیمۆکراسییە بە سکۆتلاندیش، هیشتا پەیوەندییەکان هەر بە چەمکی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی ناو دەبرێن. ئەی باشە بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و باکووری کوردستان چی بووترێ؟